کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەشێک لە کاندیدانی دوورخستەوە



کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە ڕاگەیەندراوێکیدا ڕایگەیاند، بڕیارە سزاپڕچی و پابەند نەبوون بە ڕێکارەکانی کەمپەینی ژمارەیەک کاندیدی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان دوور خستنەوە.

لە بڕیارەکەی کەمیسیۆندا هاتووە، لەبەر سزاپڕچی و پابەند نەبوونی هەریەک لە هیلین ئەکرەم ، هیمن عومەر و سامان مەحمود ، دیاری هیدایەت، لە ڕێکارەکانی خۆناونووسکردن بریارماندا بە دوور خستنەوەیان لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان.

هەروەها ئاوەش ڕوونکراوەتەوە، جگە لە هەلین ئەکرەم کە کاندیدی سەربەخۆیە، حزبەکانی تر ئاگادارکراونەتەوە کە لەماوەی سێ ڕۆژدا بە پێشکێشکردنی ناوی کاندیدی تر بە کەمیسیۆن، شوێنی ئەو کەسانەی لە هەڵبژاردن دوورخراونەتەوە پڕبکەنەوە.